# ڕێکخراوه ناحکومیەکان
# NGO

**له فارسییەوە: یاسین عومەر**



## کورتەی باس

ئەم بابەتە لە هەندێ چەمکو هەلومەرجو بەکارهێنان دەکۆڵێتەوە کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا لە ڕێی ڕێکخراوە ناحکومیەکانەوە دەرکەوتوونو لەم ناونیشانانەی خوارەوەش پێکهاتووە:

1. پێناسە - 2. پێشینەی مێژوویی - 2,3 ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە خۆرئاوا - 2,2 ڕێکخراوە ناحکومیەکانو پەرەسەندن

3. شێوەکانی ڕێکخراوەیی - 1,3 ڕێکخراو بە ئەندامیەتی خەڵکەوە (ئەندامدار) - 2.3 ڕێکخراو بێ ئەندامیەتی خەڵك (بێئەندام).

4. چالاکیەکان - 1.4 خزمەت - 2.4 پروپاگندەو فێرکردن - 3.4 لەبار کردنی بارودۆخ -

4.4 گەڵاڵەکردنی سەرچاوەکان - 5.4 پەیوەندیەکانو دروستکردنی تۆڕی پەیوەندی.

6.4 لێکۆڵینەوە.

5. فێرکردن.

6. پەیوەندیەکان - 1.6 دەوڵەت - 2.6 دامەزرێنەران - 3.6 خەڵك (جەماوەر) - 4.6 ڕێکخراوە ناحکومیەکانی تر.

7. بەڕێوەبەرێتی - 1.7 ئامانجەکان (ئەرك) - 2.7 دەستەی بەڕێوەبەری - 3.7 بەرنامەدارشتن

4.7 بەپرسیاریو وەڵامدانەوە - 5.7 چاودێریو هەڵسەنگاندنی ناوخۆیی.

# تێگەیشتن و شێوازی کاری ئەمڕۆی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە دوو بزوتنەوەی تەریبی ڕێکخراوەییەوە سەرچاوەی گرتووە: یەکێکیان خەباتی خەڵکی وڵاتانی خۆرئاوایە لە کارە خێرخوازیەکان و پشتیوانی لە لێقەومان، ئەویتریشیان چالاکیەکانی پەرەسەندن و یارمەتیگەیاندنە لەئاستی نێونەتەوەییدا

## پێشەکی

زاراوەی (ڕێکخراوی ناحکومی)، بێدەربەستانە، زۆر جار بۆ هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی بەکاردەبرێت، لەکاتێکدا کە ڕێکخراوی ناحکومی تەنها جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی، جێگەی خۆیەتی رووە جیاوازەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی بناسین. بەشێك لەوانە وەکو یەکێتییە کرێکاریەکان، یان سەندیکاکان، بەرژەوەندیی دەستەیەکی تایبەت لە خۆدەگرن و بۆ سودی ئەو ئەندامانەی پێکیانهێناوە کاردەکەن، نەك بۆ کۆمەڵگە بە گشتی و ئامانجە کۆمەلایەتیەکان. بەشێکی تر، دەستەی بچوکی ناوچەیین کە بە شێوەیەکی نارەسمی دامەزراون و ڕەنگە نەتوانرێت وشەی (ڕێکخراو)یان بۆ بەکاربهێنرێت. لە بەرامبەر ئەم جۆرە ڕێکخراوە مەدەنیانەدا، باشتروایە ڕێکخراوە ناحکومیەکان بە ڕێکخراوگەلێك بزانین کەبەرەسمیی و بە پێی یاسا بۆ خزمەت و باشکردنی بارودۆخی هەموو خەڵك دامەزراون. لە زۆر بواردا ڕێکخراوە ناحکومیەکان نوێنەرایەتیی و جیاکاری (چینایەتی)یان تێدا نییە.

لەچەند دەیەی رابردوودا، ژمارەو ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکومیەکان، چ لە وڵاتانی پیشەسازیی و چ لە وڵاتانی تازەگەشەکردوودا زیادبوونێکی زۆری بەخۆوە بینیوە. خەڵکی لەسەرتاسەری گێتیدا لەجاران زیاتر لەمەڕ بەرپاکردنی (دیموکراسی ڕاستەوخۆ) لەڕێگەی پێکهێنانی سیستەمە دیموکراتیەکان و بەهێزکردنی ئەو دامەزراوانەی کە هەن ئارەزوویەکی زۆریان لا دروستبووە. پێکهێنانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان، ئامرازی یەکەمی ئەم بزاڤانەیە.

مەیدانی چالاکیی ڕێکخراوە ناحکومیەکان، هەم لە ئاستی ناوخۆیی و هەم لە ئاستی جیهانیدایە. دەستەو تاقمێکی زۆری خەڵك، چ لە ئاواییەکی بچوکی ئەفریقایی و چ لە شارە گەورە خۆرئاواییەکاندا، بۆ جێبەجێکردنی پێداویستی و خواستە دەستبەجێیەکانی خۆیان، یان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئاکامە درێژماوەکانی بەپیشەسازیبوون و بەجیهانیی بوونی ئابوری، دەستیانکردوە بە پێکهێنانی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە. ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە گیانی (مهاتما گاندی)ەوە سەرچاوەیانگرتووە کە خەڵکی فێری: (جیهانیانە بیربکەنەوەو ناوچەییانە کاربکەن) دەکرد. سەرنجراکێشە کە چ لە ئاستی ناوچەیی و چ لە ئاستی جیهانیدا، ژنان زیاتر لە پیاوان لە چالاکیی ڕێکخراوە ناحکومیەکاندا چالاك بوون.

بە هەنجەتی ئەوەی دونیای ڕێکخراوە ناحکومیەکان فراوان و جۆراو جۆرە، سەختە چۆنیەتی ئەم ڕێکخراوانە شیکار بکەین یان یاسای کارکردن بۆ کاری ئەمانە دەربکەین. لەبەرئەوەبۆ ئەوەی ڕێکخراوێکی ناحکومی بتوانێت لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بێت، دەبێت بە ئاگابێ لە واقیعیەتی کۆمەلایەتی و کلتوری و سیاسی و ئابوری وڵات و کۆڕو کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیشی دەبێت نەرم و دروستکەر بێت.

### 1. پێناسە

هەرچەندە مەحاڵە بتوانرێت پێشنیاری پێناسەیەکی گشتی و کارپێکراوی جیهانی بۆ ڕێکخراوی ناحکومی، بکرێت، بەلام تایبەتمەندیگەلێك هەیە کە لەهەموو ئەوانەدا هاوبەشە.

ئەم ڕێکخراوانە ناحکومین. واتای ئەم رستەیە ئەمەیە کە: هەرچەندە ئەم ڕێکخراوانە دەشێت لەگەڵ دەوڵەتاندا هاوکارییان هەبێت، بەلام بەڕێوەبردنی ئەمانە بە دەستی خەڵکیەوەیە نەك بەدەستی ڕێکخراوە حکومیەکانەوە.

ڕێکخراوە ناحکومیەکان بە مەبەستی قازانج دانەمەزراون. ڕێکخراوە ناحکومیەکان وەک هۆیەک بۆ سودوەرگرتن نەهاتوونەتە ئاراوەو بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تاکگەلێ یان دەستەو تاقمێکی تایبەت پێکنەهاتوون. هەرچەندە ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەتوانن داخلی کارە بازرگانیەکان ببنو سودو سەرمایە بەرهەمبهێنن، بەڵام سودو سەرمایەی ئەوان دەبێت تەنیا بۆ جێبەجێکردنی کاروباری ڕێکخراو خەرج بکرێت.

ڕێکخراوە ناحکومیەکان ئارەزوومەندانەن. ئەمە بەواتای ئەوەی کە خەڵکی بەخواستو ئارەزووی خۆیان ڕێکخراوە ناحکومیەکان دروستدەکەنو زۆرلێکردنی تیا نییە. هەرچەندە ئەم ڕێکخراوانە دەبێت پابەندی ئەو یاساو ڕێسایانە بن کە هەنو هیچ ڕێکخستنێکی حکومیو... هتد ناتوانێت بڕیاری پێکهێنانو بەڕێوەبردنو هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێکخراوانە بدات. دیسان هەرچەند ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەتوانن کارمەند دامەزرێننو موچەیان پێبدەن، بەڵام دیسان پشتبەستوون بە بەشداری ئارەزوومەندانەی زۆرێک لە ئەندامە سەربەخۆکان بۆ خزمەتکردن لەدەستەی بەڕێوەبەرێتیو یارمەتیەکانی تر.

## 2 پێشینەی مێژوویی

تێگەیشتنو شێوازی کاری ئەمڕۆی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە دوو بزوتنەوەی تەریبی ڕێکخراوەییەوە سەرچاوەی گرتووە: یەکێکیان خەباتی خەڵکی وڵاتانی خۆرئاوایە لە کارە خێرخوازیەکانو پشتیوانی لە لێقەومان، ئەویتریشیان چالاکیەکانی پەرەسەندنو یارمەتیگەیاندنە لەئاستی نێونەتەوەییدا. هەرچەندە ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەبێت پێکهاتی خۆیانو ئەو ئەرکانەی کە ئەنجامی دەدەن لەگەڵ پێگەی تایبەتی وڵات بگونجێنن، باشتروایە پێشینەی مێژوویی ئەو ڕێکخراوانە بزانرێو سود لە ئەزمونەکانیان وەربگیرێت.

### 1.2 ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە خۆرئاوادا

لە وڵاتانی خۆرئاوایی سەدەی نۆزدەهەمدا، دووجۆر چالاکی، ناسێنەرو دەربڕی ڕێکخراوە ناحکومیەکان هەبوو. یەکێکیان ڕێکخراوە خێرخوازیەکان بوون کە کەسانێکی ساماندار بۆ دەستگیرۆییو یارمەتی خەڵکی بێنەوا دایاندەمەزراندن. هەندێ لەم ڕێکخراوانە پارەو پولو خزمەتگوزارییەکانی خۆیان بەسەر هەژاراندا دابەشدەکرد، و بەشێکی تریان بە فێرکردنو بە وەکارخستنی خەڵکی گەرەکو ناوچە (یارمەتییاندەدان تا یارمەتیی خۆیان بدەن.)

دەستەی دووەمی ڕێکخراوە ناحکومیەکان، دەستیان دەدایە کاری هۆشیارکردنەوەی خەڵکو خەڵکیان بە ئاراستەی چارەسەرکردنو گۆڕینو ئاڵوگۆڕی کێشەکانی کۆمەڵگە هاندەدا. دەستەو گروپەکانی نەهێشتنی کۆیلایەتی لە ئینگلتەرەو ئەمریکا بیروڕای گشتیان لە دژی کۆیلایەتی دەبزواند. ئەم جۆرە گروپو ڕێکخراوانە، لە بزاڤەکانی مافی دەنگدان بۆ ژنانو بەشداری تەواوەتیان لە کۆمەڵگەو لەبونیادنانی مافی یەکسانی بۆ ژنان لە وڵاتانی خۆرئاواییدا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە.

### 2.2 ڕێکخراوە ناحکومیەکانو پەرەسەندن

ئەزمونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو ئەو ڕێکخراوانەی پەیوەستن پێیەوە، هەروەها ئەو دەوڵەتانەی کە هاوکار ئەو ڕێکخراوەیان کردووە نیشانی دەدات، کە بەشداریکردنی خەڵک لەگەشەکردنی ئابوریی وڵاتەکەیاندا زۆر لە شێوازی (لەسەرەوە بۆ خوارەوە) کارامەتر بووە، پشتیوانی ڕێکخراوە جیهانیەکانو حکومەتەکان لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان، کە خەڵک خۆیان بۆ بەدیهێنانی پێداویستیە ناوخۆییو خۆماڵییەکانی خۆیان پێکیاندەهێنن، ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر بووە، هەروەها ڕێکخراوە ناحکومیە گەورەکان لە وڵاتە خۆرئاواییەکاندا کە لە بواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە خێرخوازییەکاندا لە وڵاتانی تازە گەشەکردودا پێشینەیەکی مێژوویی فراوانتریان هەیە، بۆیان دەرکەوتووە کە ئەگەر پشتیوانی لە دەستەو تاقمو ئەنجومەنە ناوچەییەکان بکەنو یارمەتییان بدەن، تا کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، بەرنامەکان کەمتر خەرج دەباتو باشتر ئەنجام دەدرێت.

بەکەمبوونەوەی سەرچاوە داراییەکانی خزمەتگوزاریە کۆمەلایەتیەکانو ڕێکخراوە گەورەکان، پشتبەستن بە ڕێکخراوە ناحکومیە بچوکو ناوخۆییەکان کە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە لە ڕابردوودا لەدەستی ڕێکخراوە جیهانیەکانو ڕێکخراوە ناحکومیە گەورەکانی خۆرئاوادا بووە، ڕوو لە زیادبوونە.

## 3. شێوەکانی ڕێکخراوەیی

پێکهاتی ڕێکخراوە ناحکومیەکان دوو جۆرە. یەکێکیان ئەو جۆرانەن کە هەموو خەڵک دەتوانن ببنە ئەندام تیایاندا؛ ئەویتریشیان

ئـــەوەی کـە بـەدەسـتـی دامەزرێنەران هەڵدەسورێ.

### 1.3 ڕێــکــخــراو بەئەندامیەتی خەڵکەوە (ڕێکخراوی ئەندامدار)

ئەم جۆرە ڕێکخراوانە بۆ بوونە ئەندام تیایدا دەرگایان بـەڕوی هـەمـوو تاکەکانی کـۆمـەڵـــــگـەدا کـراوەیـە. برێك جار نـاوی ڕێکخراوە (ناوخۆیی) یان (هەرەوەزی) یـەکـان دەبـــرن بـەسـەر ئـەم جـۆرە ڕێـکـخـراوانـەدا. ئـەندامـانـی ڕێـکـخـراوەکـە، ئــەنــدامـــانـــی دەســتـــەی بەڕێوەبەرێتی بۆ هەڵسورانی ڕێـکـخـراو هـەڵـدەبـژێـرن. بـەم پـێـیـە ئـەنـدامـان لە بـڕیـاردانـەکـانـی دەسـتـەی بەڕێوەبردنو بەڕێوەبردنی گشتی ڕێکخراودا بەشدارن. ئەم ڕێکخراوە ناحکومیانە بە گشتی بچوکنو چربوونەوەیان زۆرتر ناوچەییە. وێڕای هەموو ئـەمـانـەش، هـەنـدێ لە ڕێکخراوە گەورە جیهانیەکانی وەکـو ئاشتی سـەوز[1] یان لێبوردنی نێو دەوڵـەتـی[2]، لەو جۆرە ڕێکخراوانەن کە ئەندامان پێکهاتوون.

### 2.3 ڕێــکــخــراو بــێ ئــەنــدامــیــەتــی خــەڵــك (ڕێکخراوی بێئەندام)

ئـەم جـۆرە ڕێکخراوانە بـەدەسـتـی کـەسـانـێـك دادەمـەزرێـن کە ڕێبەریی و بەڕێوەبەرێتیی ئەویان لە ئەستۆیە، خۆیان دەستەی بەڕێوەبەرێتی هەڵدەبژێرن، و خـۆشـیـان کـارمـەنـد بۆ کـارکـردن دادەنـــێـن. ئـەم ڕێـکـخـراوە ناحکومییانە هەندێ جار پێیاندەگوترێت ڕێـکـخـراوەی(تـایـبـەتـی). ڕێکخراوە گەورە نەتەوەیی یـــان جـیـهـانـیـەکـان کە چالاکییەکانیان پانتاییەکی فراوانیان هەیە، ئەندامیان نییە.

## 4. چالاکیەکان

چالاکیەکانی ڕێکخراوە نـاحـکـومـیـەکـان چـەنـد جۆرێکە. لەخوارەوە ئاماژە بـە کـۆمـەڵـێـکـی سـەرەکـی لـەو چالاکیانە دەکەین کە ڕێـکـخـراوە ناحکومیەکان لـە سـەرتـاسـەری گێتیدا ئـەنجامـیـدەدەن. هەڵبەتە دەشـێـت هــەر یــەك لـەم ڕێکخراوانە لە چەند بوارێکدا چالاکییان هەبێت.

### 1.4 خزمەت

کـاری سـەرەکـی زۆریـك لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان خزمەتە. خزمەت لێرەدا بە مانای یارمەتیدانی خەڵکی لێقەوماوی جەنگەکان، یان کـارەسـاتـە سروشتیەکانی وەکو بومەلەرزەو لافـاوو... هـتـد و جـێـبـەجـێـکـردنـی پـرۆژە درێژماوەکانی وەکو دروستکردنو بەڕێوەبردنی مەڵبەندی تەندروستی، یان سەنتەری فێربوونی پیشەیی. هـەنـدێ جـار ڕێـکـخـراوە ناحکومییکان دەستدەدەنە کـــاری بـــازرگـــانـــی تـــا لە داهاتەکەی بەرنامەگەلێکی فـێـرکـاریـیـانـە بـۆ خـەڵـکـی ناوخۆ ڕێکبخەنو کاریان بۆ بدۆزنەوە.

### 2.4 پـــڕوپـــاگـــەنـــدەو فێرکردن

یــەکــێ لــە ئــەرکـە گـرنـگـەکـانـی ڕێـکـخـراوە ناحکومیەکان، ڕاگەیاندنو فێرکردنی تیۆرییە لەبارەی ئـەو سیاسەتو یاسایانەی کە کاریگەری لەسەر ژیانی خـەڵـك دادەنـێـت. بـردنـە سەرەوەی ئاستی هۆشیاری خـەڵـكو سـیـاسـەتـمـەدارانو یـاسـادانـەران، ئامرازێکی بەهێزە بۆ پێکهێنانی گۆڕانو باشکردنی کۆمەڵگە. ئەم هۆشیارییە دەتـوانـێـت لە مەیدانە تیۆریەکان، وەکو دیموکراسیو ئابوری، جیهانی بـێـت؛ یـان بابەتگەلێکی پـراکـتـیـکـیو مـەلموسـی وەکـــو نـەخـۆشـیـەکـانو چارەسەرەکانیان بگرێتەوە.

هـەروەهـا ڕێـکـخـراوە نـاحـکـومـیـەکـان دەتـوانـن وەکو(دەنگی) گروپگەلێك لە خەڵك کە بەناچاری لە کـاروان جیّماون ڕۆڵبگێڕن: وەکو ژنان، خەڵکی خۆماڵی، کـەمـایـەتـیـە ئـایـنـیـەکـان، یـــان نـەتـەوەیـیـەکـان، لـەکـارکـەوتـوان. شکانی بـێـدەنـگـی لـەمـەڕ مـەسـەلـەگـەلـێـکـی وەکـو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، توندوتیژی خێزانی،



**شکانی بێدەنگی لەمەڕ مەسەلەگەلێکی وەکو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، توندوتیژی خێزانی، یان ئەو کارە بازرگانییانەی کە بۆ پێکهێنانی ژینگە زیانبەخشە**



یان ئەو کارە بازرگانییانەی کە بۆ پێکهێنانی ژینگە زیانبەخشە، ئەم هەنگاوەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان یەکەمین هەنگاوە بۆ کۆمەککردن بە پێکهێنانی ئالوگۆڕو گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا.

### 3.4 لەبارکردنی بارودۆخ

پێ بە پێی ناسینی هەرچی زیاتری بایەخی ڕێکخراوە ناحکومیە کاریگەرو کارامەکان، یارمەتیدانیان لەمەڕ پەرەپێدانی توانایییەکانی خۆیان بۆ ئەنجامدانی کاروبارەکانیان زۆرتر لەبەرچاو دەگیرێت. ئەرکو پسپۆریی زۆرێك لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان بریتیە لە فێرکردنی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاری ڕێکخراوەیی دابینکردنی یارمەتیی هونەری بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکانی تر. ئەم یارمەتیانە بریتین لە راوێژکردن لەمەڕ کاروبارەکانی بەڕێوەبردن، هەڵسەنگاندنی بەرنامەکان، راوێژی یاسایی، پشتیوانی لە بەرنامەکانی کۆکردنەوەی یارمەتیە داراییەکان، و راهێنانی کارمەندان.

### 4.4 گەڵاڵەکردنی سەرچاوەکان

لەنەسکی شەشەمی ئەم ڕێبەرەدا، دەربارەی ئەو ڕێکخراوە ناحکومیانەی کە کاریان گەڵاڵەکردنو کۆکردنەوەی سەرچاوە داراییەکانو دابەشکردنیانە بەسەر ڕێکخراوە ناحکومیەکانی تردا قسەوباسکراوە. لەبەشی یەکەمی هەمان نەسکدا، لە ژێر ناوی (ڕێکخراوە مەدەنیەکانی سەرچاوەی کۆمەك)، بەدوورو درێژی دەربارەی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە گفتوگۆکراوە.

### 5.4 پەیوەندیەکانو دروستکردنی تۆڕی پەیوەندی

لە دنیایەکدا کە خەڵك بەرەو دانو وەرگرتنی هەواڵو ئاگاداریەکان بەکێشکراون، توانایی بەستنی پەیوەندیو دروستکردنی تۆڕی هەواڵنێری بناغەی کارە. کاری تایبەتی هەندێك لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان بریتیە لە دانی یارمەتیی هونەری بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی تەکنەلۆژیای گەیاندنی زانیاری گشتی بە ڕێکخراوە ناحکومیەکانی تر. هەندێك، (سەنتەری زانیاری)یان دابینکردووە تا سەرچاوە داراییەکانو سەرچاوەکانی تری یارمەتی بناسنو ئاگاداریەکانی خۆیان بخەنە ئیختیاری ئەوانی ترەوە. فێربوون لە سەرجەم ڕێکخراوەکانەوە کارێکی گرنگی تری تۆڕەکانی زانیارییە.

### 6.4 لێکۆڵینەوە

ناتەواوییەك کە ئەمرۆ لە تۆڕەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەبینرێت، نەبوونی زانیاری وردە دەربارەی بوونو ئارەزوومەندیەکانی (بەشی سێیەم). (مەبەست، بەشی ناحکومیە کە هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی بەشێکن لەو). لە هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو و تازە گەشەسەندوبەوجۆرەنو زانیاریان دەربارەی ئەو بەشە نییە. بەشێك لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان کە بەرنامەی تایبەتی خۆیان هەیە، ئێستا دەستیانداوەتە کۆکردنەوەی زانیاریگەلێکی لەم چەشنە، تا باشتر نوێنەرایەتی خەڵك بکەنو خەڵکی فێرخوازو

ئەوانەی ئامادەی بەخشینی کـۆمـەكو یـارمـەتـیـن بە پێداویستیەکانی کۆمەڵـگە ئـاشـنـا بـکـەن. زۆرێـــك لە ڕێـکـخـراوە فێرکارییەکان (ئەکادیمیك)، چەندین بەش یان چەندان بەرنامەیان بۆ کۆکردنەوەو شیکردنەوەو شیکاری هـەواڵو زانیاری لەمەڕ کۆمەڵـگەی مەدەنیی هەیە.

## 5. فێرکردن

یەکێ لەو فاکتەرانەی کە کەمتر دەربـارەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لـە بەرچاو گـیراوە پـێـویـسـتـبـوونـی فێرکردنو فێرکارییە، هەر بۆیە کارێکی زۆر باشە کە ڕێـکـخـراوە ناحکومیەکان سود لە خزمەتی کارمەندانی خۆبەخش وەربـگـرن – چ لەلایەن ئەندامانی دەستەی کارگێڕی، چ لەلایەن خەڵکی ئارەزوومەند، و چ لەلایەن خـودی سـودوەرگـرانـی ئەم ڕێکخراوانەوە، وەکـو هەر ڕێکخراوێکی سەرکەوتوو، چ سودخوازو چ ناحکومی، پێویستیان بـە لـێـزانـیو پسپۆریی پیشەیی هەیە. بەم پێیە فێرکاری بۆ هەموو ئـەو کـەسـانـەی کـە لەگەڵ کـارەکـانـی ڕێـکـخـراوێـکـی نـاحـکـومـی سـەروکـاریـان هەیە پێویستە. بۆ نمونە دەستەیەکی کارگێڕی کارامەو بەئاگا لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانو دروستکردنی هـاوکـاری نێوان ئەنداماندا سـەرکـەوتـووتـرەو باشتر دەتوانێت ڕێبەرایەتییەکی شایستەتر بێت بۆ کارمەندانی ڕێکخراوەکە.

فـێرکـردنو کارفێرکردن (ڕاهـێـنـان)، ئـەویـش بۆ جێبەجێکردنی باشتری ئەرکی کـارمـەنـدانـی ڕێـکـخـراویـش زۆر پـێـویـسـتـە. هـێـنـانو دانانی کارمەندانی کارامەو بـەئـەزمـونو دابینکردنی خولی فێرکردنی کار بۆیان، یەکێکە لە کێشەکانی ئەو ڕێکخراوە ناحکومیانەی کە دوچـاری گرفتی دارایـین. وێڕای هەموو ئەمانە، ئەگەر کارمەندانی ڕێکخراوەکە بە ئەزمونو کارامە بنو کرێی تـەواو وەرگـرن، ڕێکخراو دەتوانێت بگاتە بەرزترین قۆناغی سەرکەوتنی پیشەیی خـۆی کـە بـۆ سـەرکـەوتـن لـە کـارەکـانـی خـۆیـدا پێویستیەتی. ڕێکخراوە یارمەتیدەرەکان ئەمێستا قبوڵیانکردوە کە ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەبێـت لە بـودجـەی خـۆی مەسرەفی ڕاهێنانو مەشقکردن لەسەر کارو هەلومەرجی گونجاوی کـارکـردنو دابینکردنی کار لەبەر چاو بگرن تا بتوانن بە پایەداری بمێننەوە.

## 6. پەیوەندیەکان

سەرکەوتنو پەرەسەندنی هەر ڕێکخراوێکی ناحکومی، پەیوەندیبە دەستەبەرکردنو پاراستنی پەیوەندیەکانەوە هـەیـە، هـەر چـەنـدە چۆنیەتی پەیوەندیەکان جـیـاوازە، بـەڵام هەموو ئـەم پەیوەندییانە دەبێت لە سەر بناغەو بنەماکانی بەرپرسیاریو وەڵامدانەوەی ڕوونو ئـاشـکـرا بـێـت. بە دەربڕینێکی تر، دەبێت کارو کاروبارە داراییەکانی ڕێکخراو لە خەڵکی پەنهانو شاراوە نـەبـێـت، لـە هـەمـانـحـاڵـدا خۆبەڕێوەبردنو سەربەخۆیی ڕێـکـخـراوە ناحکومیەکان، هەرگیز نابێت ببێتە قوربانی بـەرقـەراریو پـاراسـتـنـی پـەیـوەنـدیـیـەکـی تایبەت لەگەڵ خەڵکدا.

## 1.6 دەوڵەت

دەوڵـەتـان دەتـوانـن هـاوکـارێـکـی بەهێز بـن بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان، لە زۆرێـك لەوڵاتاندا ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەست دەدەنە هـەنـدێ خـزمـەتـگـوزاری کۆمەڵایەتی، کە لە قەڵمرەوی بەرنامە خۆشگوزەرانیەکانی دەوڵەتاندا هەیە. زۆرێك لەم ڕێـکـخـراوانـە، بەیارمەتیی داراییی دەوڵەتان، یان بەستنی بـەڵـێـنـنـامـە حکومیەکان لە بـواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری یـان کـاڵا بە خەڵك، بەڕێوەدەبرێن.

لـە ڕێـکـخـراوە نا حکومیەکاندا، کە پەیوەندی نێوان خەڵكو دەوڵەتن، وا چـاوەڕوان دەکرێت ئەوەی دەربارەی ئەو کۆمەڵـگەیەی کـە خـزمـەتـی دەکـەنو دەیزانن، خێراو ڕاستەوخۆ بـە ئـاگـاداری دەوڵـەتـی

بگەیەنن. ئەم ڕێکخراوانە بە هاوکاری لە گەڵ سەرجەمی ڕێکخراوە هاوشێوەکانیان کە سەرچاوەی زانیاریو ئاگایین دەربارەی خەڵکو کۆمەڵگە، باشتر دەتوانن دەربارەی واقیعیاتو پێداویستیە کۆمەلایەتیەکان دەستیان بە کەسانێك بگات کە سیاسەتەکان دادەڕێژنو لە دەرکردنی سیاسەتە گشتییەکاندا، حکومەتەکان بخەنە ژێر کاریگەرییەوە.

هەرچەندە ڕێکخراوە ناحکومیەکان پەیوەندیەکی دروستکەریان لەگەڵ دەولەتاندا هەیە، جێی خۆیەتی کە لە روی ئیحتیاتەوە چەند قسەیەکیش دەربارەی ئەوەی کە بە (ڕێکخراوە حکومیە ناسودخوازەکان ناوی دەبەن) بکەین. ئەم ڕێکخراوانە کە بەدەستی دەولەت (یان دەزگا سیاسیەکانی تر) پێکدەهێنرێن، تا بەرنامەو دەستورو ئەولەویەتە حکومیەکان ئەنجامبدەن، ڕێکخراوگەلێکی ناحکومی راستەقینە نین، لەبەرئەوەی نوێنەری بێلایەنی بەرژوەوەندیەکانی خەڵك نین.

## 2.6 دامەزرێنەران

پەیوەندیەکانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لەگەڵ سەرمایەگوزاریە ناحکومیەکانیان زۆر ئالۆزە. ئالۆزی لەمەدایە کە ئایا سەرمایەگوزاران ڕێکخراوەکانی ترن، یان کەرتی بازرگانییە، یان گروپو کەسانن. ڕێکخراوە ناحکومیەکان سەرەتا دەبێت خۆیان لە هەر جۆرە گوشارێکی دیارو نادیار کە رەنگە سەرمایەگوزار بیخاتە سەریان تا خواستو سودەکانی ئەو، لەجیاتی ئەو بەرنامانەی کە ڕێکخراوەکان بە دروستو بەجێ دەزانن ئەنجامیبدەن، لابدەن.

دووەم: ئەوەی کە پێدەچێت لەسەردەمە جیاجیاکاندا، ئامانجو ڕێخراوگەلێکی تر ببنە جێگەی پەسەندی سەرمایەگوزاران. بۆ نمونە ئەو دەمەی رەوشێ، یان شوێنێ دەبێتە چەقی سەرنجی سیاسییان، دەبێتە جێی باسی میدیاکان، سەرمایەگوزاران سەرچاوەکانی خۆیان بەرەو ئەو رەوشە، یان شوێنە رەوانە دەکەنو روو دەکەنە ئەو شتەی کە بابەتی رۆژە. دەستەی بەرێوەبەرێتی ڕێکخراوەی ناحکومی دەبێت بێ ئەم لاو ئەو لا سەرنجبداتە پێداویستیە راستەقینەکانو نەکەوێتە داوی ئەو شتانەی کە بابەتی رۆژن.

## 3.6 خەڵك

گەورەترین بەرپرسیاریی ڕێکخراوێکی ناحکومی بەرپرسیاریە لە بەرامبەر خەڵکدا، وبربرەی پشتی هەر ڕێکخراوەیەکیش پەیوەندی ئاشکراو راستەوخۆیەتی لەگەڵ کۆمەڵگەدا. ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەبێ بکۆشن خەڵکی لەکاروبارو ئەرکەکانی خۆیان ئاگادار بکەنەوەو دەبێت تۆرگەلێکی پەیوەندی شایستە بخەنە گەڕ، تا خەڵکی بتوانن لە ڕێیانەوە پێداویستیو داخوازییەکانی خۆیان بە ئاگاداری ڕێکخراوەکان بگەیەنن.

بەرنامەکانی کۆکردنەوەی پارەتیدارایی هەلێکی گونجاوە تا ڕێکخراوەکان بتوانن لە کاتە دیاریکراوەکاندا خەڵکی لە کارەکانی خۆیان ئاگادار بکەنەوە. سەرباری هەموو ئەمانە، دەتوانرێت سود لە راگەیاندنو ئاگاداریی میدیاکانو سەرجەمی ڕێگاکانی پەیوەندیش وەربگیرێت. لە هەمووی واوەتر ڕێکخراوەی ناحکومی دەبێت هەمیشە لەبەردەستی خەڵکیدا بێتو هەموو کەسێ بتوانێت پەیوەندی تاکەکەسیو تایبەتی لەگەڵ کارمەندانی ڕێکخراوەدا ببەستێت.

## 4.6 ڕێکخراوە ناحکومیەکانی تر

ئەو پەیوەندییەی کە ڕێکخراوە ناحکومیەکان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تردا دەیبەستن، لە سەرکەوتنی بەرنامەکانو پایەداربوونی ئەمانە لەهەر دووکیاندا حەیاتییە. وەکو لەم نەسکەدا لە بەشی (چالاکیەکان)دا گوترا، بوونی هەندێ ڕێکخراوی ناحکومی، تەنیا بۆ پاراستنی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی ترە.

تۆری ئالوگۆڕکردنی زانیاریەکان. یەکێ لە پەیوەندیە گرنگەکانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان ، لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تردا ئالوگۆڕی زانیاریە. ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەتواننو دەبێت لە بواری بەرنامەکان، هەوڵو کۆششەکانی کۆکردنەوەی سەرمایە، کەڵك لە ئەزمونی یەکتر وەربگرن. تۆرەکانی زانیاری گەیاندن کە ڕێکخراوە ناحکومیەکان لەچەند دەیەی رابردوودا دایانمەزراندووە، لە گەورەترین گەنجینە گرانبەهاکانی ئەوانەن.

دروستکردنی بەشداریو هاوپشتی. ڕێکخراوە ناحکومیەکان بە پێکهێنانی هاوپشتی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تردا، کە ئەرکی هاوشێوەیان هەیەو لە هەمان کۆمەڵگەی ئەوان یان لە هەر کۆمەڵگەیەکی پەیوەست بەوەوە خزمەت دەکەن، توانایی ئەوە بەدەستدێنن کە کارمەندانی زیادە کەمبکەنەوە، لەسەرچاوەکانی خۆیان زۆرترین سود وەربگرن، و لە خەرجیەکانی خۆیان کەمبکەنەوە. پەیوەندی لە نێوان ئامانجەکانیشدا دەتوانێت لە پێکهێنانی



پەیوەندی نێوان بەرنامەکان و سەرکەوتنی ئامانجەکاندا ستراتیژێکی کاریگەر بێت. بۆ نموونە دەتوانرێت باسی پەیوەندی سەرکەوتوانەی نێوان بەرنامەکانی پاراستنی ژینگەو کەمکردنەوەی هەژاری، هەروەها باسی پەیوەندی نێوان مافی ژنان و (ئیعتیباراتی ورد) کە بۆ ژنان سەرچاوەی داهاتە بکرێت، (بڕوانە نەسکی شەشەم).

هاوکارییەکانی تر، بەزۆر نییە کە هاوکاری نێوان ڕێکخراوی ناحکومی تەنیا بەرنامە یان کارە کارگێڕییەکانیان بگرێتەوە. بۆ نموونە کۆکردنەوەی پارەمەتیە داراییەکان بە هاوکاری و بەشداریی یەکتری، هەم بواری دەستراگەیشتن بە سەرمایە فراواندەکاتەوەو هەم لە بە فیڕۆدانی کات و بودجەکانی ئەوان کەم دەکاتەوە. هاوکاری لەو کۆششانەدا کە بۆ بەستنی پەیوەندی، چ بۆ فێرکردنی خەڵك لە پەیوەند بە بابەتی تایبەتەوەو چ بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵك لە کاری ڕێکخراوەکان ئەنجامدەدرێن، دیسان لە ڕێگەی بەفیڕۆنەدانی ئەو سەرمایەیانەی کە بە دژواری بە دەست دێت ستراتیژێکی سودمەندە.

## 7. بەڕێوەبەرێتی

داڕشتنی زنجیرەیەك ڕێو شوێنی یەکسانی بەڕێوەبەرێتی بۆ هەموو ڕێکخراوە ناحکومیەکان نەشیاوە. لەبەرئەوەی هەلومەرجی پێکهێنان و شێوازی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکان جیاوازە، تەنانەت شێوەی ڕێکخستن و جۆری کاریشیان. وێڕای هەموو ئەمانە، مەسەلەگەلێکی هاوبەش هەیە کە هەمووان دەتوانن بەڕێوەی بەرن.

### 1.7 ئامانجەکان (ئەرك)

هێزی بزوێنەری ڕێکخستنی ڕێکخراوە ناحکومیەکان ئەرك و ئامانجی ئەوانەیە، هەر چەندە پەیڕەو و پرۆگرامی ئەم ڕێکخراوانە نابێت باس لە کۆن و کەلەبەری ئەرك و بەرپرسیارییەکانی ئەوانە بکات، نابێت ئەوەندەش گشتی بێت کە ئاراستەی بزاوتی ڕێکخراوەکە ناڕۆشن و گێژکەرانە بێتە پێش چاو. ئامانج و ئەرکی ڕێکخراو دەبێت بە وردی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و ڕوون و ئاشکرا بنووسرێت و بخرێتە بەرچاوی هەموو خەڵك و هەموو ئەو دەزگایانەی کە ڕێکخراوە ناحکومیەکان پەیوەندییان لەگەڵی هەیە.

### 2.7 دەستەی بەڕێوەبەرێتی

دەستەی بەڕێوەبەرێتی، سەرئەنجام بەرپرسیاری پاراستنی ئەو متمانەیەیە کە خەڵك و پشتیوانانی ڕێکخراوەکە بەوی دەکەن. ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرێتی کە بەهۆی دامەزرێنەرانی ئەوەوە دادەنرێن (لە ڕێکخراوە ناحکومیە – بێ ئەندامەکان)دا یان بەهۆی ئەندامانەوە هەڵدەبژێردرێن (لە ڕێکخراوە ئەندامدارەکاندا)، نابێت سودی دارایی لە کارەکانی ڕێکخراوەکە وەربگرن و دەبێت بتوانن سەربەخۆ لە کارمەندەکانی ڕێکخراو کە تیایدا بەرژەوەندییان هەیە، هەروەها بەدەر لە بەرژەوەندیی دامەزرێنەران کاربکەن. زۆر وا ڕوودەدات کە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرێتی دەست دەکەن بە دامەزراندنی پەیوەندییەکی تایبەتی خراپکارانە کە ڕێکخراوەکە لەئامانجی بنەڕەتی لادەدات، یان دەبێتە مایەی خراپەکاری لە ناویدا. فێرکردن لە بواری نەهێشتنی بەریەککەوتنەکان و پێکهێنانی ڕێککەوتن، بەر بەم زیانانە دەگرێت.

### 3.7 بەرنامەداڕشتن

هەر ڕێکخراوێکی ناحکومی بۆ ئەوەی بتوانێت

ئەرکەکانی خۆی ئەنجامبدات دەبێت ئامانجی کورتماوەو درێژماوەی هەبێت. وێڕای ئەم ئامانجانەش، دەبێت ڕێکخراو بەرنامەی ڕێکخراوەیی بۆ شێوازەکانی بەڕێوەبردنو، کارمەندان، کاتبەندی کارەکان، و دابینکردنی سەرچاوەگەلێکی دارایی پێویست ئامادە بکات. کەسانێك کە کۆمەکی دارایی بە ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەکەن داوا لەم ڕێکخراوانە دەکەن، تا بەرنامەی پراکتیکیو شیاویان هەبێت کە خەڵك بتوانن سودەکەی بپێون. هەرچەندە ناتوانرێت بە وردی چەندو چونی سودمەندیەکانی ڕێکخراوێك پێوانە بکرێت، بەڵام بۆ ئەوەی ڕێکخراوێك بتوانێت کاری کاریگەرو شایستە ئەنجامبدات، دەبێت بەرنامەگەلێکی وردو حیساب بۆ کراوی هەبێت.

### 4.7 بەرپرسیاریو وەڵامدانەوە

هەموو ڕێکخراوێك بەرپرسە لە وەڵامدانەوەی خواستی تاكو دەزگا پەیوەندیدارەکان، ودەستەی بەڕێوەبردنەکەی بەرپرسی ئەو وەڵامدانەوەیەیە، هەروەها ڕێکخراو دەبێت لەکاتی دیاریکراودا ڕاپۆرتی کارەکانی خۆی بداتە ئەو خەڵکانەی کە بۆ خزمەت پشتیان پێبەستوە.

ڕاپۆرتدان بەو دەزگا حکومیانەی کە چاودێرن بەسەر ڕێکخراوەکەوە، تا بە پێی یاساو ڕێساکان کار بکات، لە بەرپرسیاریەکانی ئەوە، وسەرئەنجام دەستەی بەڕێوەبردن بەرپرسی وەڵامدانەوەی کەسانێکە کە ئەویان دامەزراندوەو پشتیوانی بەرنامەو کارەکانی ئەون. هەر بەو جۆرەی کە لە سەرەتادا ئاماژەمان پێدا، ئەم خاڵەیش نابێت لە بەرچاو نەگیرێت کە هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە بەرەسمی یان بە نارەسمی بۆ خزمەت بە خەڵك پێکدێن، ئەرکەکانی خۆیان بەڕێوە نابەن. کەلەکچێتیو فێڵبازی لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان وەکو هەر شوێنێکی تر زۆرو فراوانە. لەبەرئەوەی ڕێکخراوگەلی ناحکومی فریوکار زۆرن، بوونی پێودانگگەلی وردو دەقیق بۆ جۆرە ژمێریارییەکی ڕوونو ئاشکرا زۆر پێویستە. بەم شێوەیە خەڵکی متمانەیەکی بەهێز بەو ڕێکخراوانە پەیدا دەکەن کە وا بانگەشە دەکەن بۆ خزمەتی ئەوان کار دەکەن.

### 5.7 چاودێریو هەڵسەنگاندنی ناوخۆیی

لە بەرئەوەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان سروشتێکی نەرمو نیانیان هەیەو سودبەخشی ئەوان بۆ خەڵك لە کاریگەریی دەستبەجێی بەرنامەکانی ئەوان واوەتر دەڕوات، بۆیە لەسەر ئەوان پێویستە کە لە نزیکەوە چاودێری کارەکانی خۆیان بن. هەڵسەنگاندنی ناوخۆیی نەك تەنیا کاری وەلامدانەوەی ئەوان ئاسان دەکات، بەڵکو شێوازی زۆرێك لە کارەکانی ئەوان ئاشکرا دەکاتو لەم ڕێیەوە دەرگاگەلێکی نوێ بۆ وەرگرتنی یارمەتیی دارایی بە ڕویاندا دەکرێتەوە.

هەڵسەنگاندنی ناوخۆیی ئەم سودەیشی هەیە کە زەرورەتی دەستێوەردانو چاودێرییەکانی دەوڵەت کەمدەکاتەوە، ئەو دەستێوەردانەی کە دەبێتە مایەی ڕۆتیناتی مامەڵەو بەفیڕۆدانی کاتو ڕێگری بۆ پێشکەوتنی کاری ڕێکخراوەکە.

**سەرچاوە:**

-جامعە مدنی چیست؟ (تاریخچە، مفهوم، کارکرد آن در کشورهای جیهان)، تدوینو تنظیم: مریم ثورنظر، تهران، نشرو پژوهش فرزان روز، چاپ اول: 1379هجری شمسی.

**کەسانێك کە کۆمەکی دارایی بە ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەکەن داوا لەم ڕێکخراوانە دەکەن، تا بەرنامەی پراکتیکیو شیاویان هەبێت کە خەڵك بتوانن سودەکەی بپێون**

---

[1] .Green Peace
[2] Amnesty International